# ژنێك چەند لە نیشتیمان دەچێ !
# خەوێك كە زۆر لە مەرگ دەچێ !

جەمال پیرە

لەوەگەڕێ كە ئەم نیشتیمانە، نیشتیمانی فەرهادو مەمو سیامەندەكان شوێنێكی بۆ خۆشەویستی نەهێشتۆتەوە، لەوەشگەڕێ كە ولاٌتێكت لەبەردەمە پڕ لە زەندیق و خولٌقێنەری زەمەنی دلٌەڕاوكێ و تەفروتوناكردنی بەهاكان، لەهەموو ئەوانە گەڕێ كە بەردەوام لەجیاتی شیلە دەبن بە ژەهر لەسەر لێوی گولٌەكاندا، با بێینە سەر خەوە دووروودرێژەكەی مێژوو، خەوێك كە زۆر لە مەرگ دەچێت، پێدەچێ بیری چوبێتەوە بگەڕێتەوە، گەڕانەوەیەك بە مانا جەستەییەكەی نا، نا مەرج نییە بە حزوری جەستەییانەی خۆی بێت، دەكرێ لێرە نەبێت بەلاٌم خەیالٌو رۆحی ئامادەبێت زیهنی هەمووانمان ئاوەدان بكاتەوەو گەر ناوی مالٌئاواییش بێنێ ئاساییە، بەلاٌم لە دوای خۆیدا تارمایی و ئاسەوارێك جێبێلٌێ، بۆن و بەرامی خۆی جێبێلٌێ، رەنگە ئەم جۆرە مانەوەیە لەزۆر حالٌەتدا تۆكمەوكاریگەرتر بێت، گرنگ نییە من بتوانم یا نەتوانم گوزارشتێكی پڕ بە پێستی وجود بكەم، گرنگ ئەوەیە كە تۆ شتێكی بمەوێ یا نەمەوێ، بمانەوێ یا نەمانەوێ هەیت و لە ئارادای، ئەمە ئەو حەقیقەتە ناسكەیە كە بە زەحمەت دانیپێدا دەنێین، لێرەدا دوو بۆچونی پێچەوانەی یەكتر دەبینینەوە: یەكەمیان، ئەوەیە كە دەلٌێ عەقلٌ زامنی سەرجەم گوزارشتەكانی بوونە، دووهەمیش پێیوانییە وابێ و دەلٌێ گەر خەیالٌو بەها رۆحییەكانیش لەگەلٌ عەقلٌدا بەشدار نەبن بوون هیچ مانایەك نابەخشێ، من پێش ئەوەی خۆم یەكلابكەمەوە، ماوەیەك لە نێوانی هەردوو بۆچونی سەرەوەدا بە هەلٌپەسێردراوی مابوومەوە، ئێستا نا كە یەكلابوومەتەوە، ئەوسا كە هەلٌپەسێردراو بووم لە نێو هەلٌوێست و بیركردنەوەی شلٌەژاودا نغرۆ بوو بووم، خەیالٌم ئاوێزانی چركە تراژیدییەكان بوو بوو، هەمیشە بەوە هێور دەبوومەوە گەر (با)یەك لەگەلٌ خۆیدا بۆن یا بەرامە جێماوەكەی ئەوی بۆ هێنابام، لە راستیدا لەوێ هەولٌی جیددی هەبوون بۆ شاردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی كە بەلای خەلٌكەوە حەقیقەتی راستەقینە بوون لەمن، ئەگەرچی من لەوە بووبوومەوە كە گەر تەمەنت هەزار سالٌیش بێ وشەو شتێكت بەرچاو ناكەوێ واتای راستەقینەی حەقیقەت لەخۆی هەلٌبگرێت، لەو ساتەوە من بیرم لە خەلٌكی دەكردەوەو دەمگوت" چەند تاوانبارن ئەو جەستانەی بەدرێژایی ماوەی بوونیانەوە لەدەوری تەنها حەقیقەتێكدا دەگەڕان ! چ دەبەنگ وگێرەشێوێنن! " ئەمە رەنگە بۆ ماوەیەكی زۆر نزای هەموو ئەوانە بێ كە لەودیو هەموو حەقیقەتێكدا مانایەكی تریان بە شتەكان دەدا، واتا حەقیقەتی تر كە لە خەیالٌو هزری ئێمە مانان نەبێ، لەپالٌ حەقیقەتەكەی بەردەمی ئێمەدا، فەزای ئەو سەردەم بۆ من بە گولٌی شەرمن رازاوە بوو بوو، بنچینەكەی هەر لە ژوورێك دەچوو كە دیوارەكانی

بە رەنگی وەنەوشەیی سواخ درابێ، پەنجەرەکانی ڕۆشنایی ئەو شەبەنگانەیان دەدا کە وێنەی جیاجیا و زیندووی دەدایەوە بە ژیان، لە پشتەوەی سەری هەر ئەندامێکی ئەو ژوورەدا تابلۆیەکی رەشپۆشی هەڵواسراو بەدیدەکرا، من کە خۆم لەوێ دەبینییەوە بەقسەی ئەوانەی کە منیان لەوێ دیبوو سیمایەکی واق ورماوییان تیا بەدیدەکردم، حەتمەن ئەو سیمایە لەسەروقژێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاودا دەبینرایەوە، دیارترین ئەو ساتانەی کە من لە یادم مابێ لەو ژوورەدا خەیاڵی ئەو مرۆڤانەیە کە بەردەوام لەدەورمدا خوولیان دەخواردەوە ئەویش بەجەستە نا، سەیرترین بەسەرهاتیش کە من لەو ژورەدا دیبێتم ئەو ڕۆژە بوو کە تێکڕای بوونەوەرەکانی ئەو دەوروبەر بۆ بەسەرابیوونی هەستە ناسكو رامانە فریشتەییەکانی ئەو ژنەی کە نەدەکرا ناوی خۆی ئاشکرا بکات لە ماتەمگێڕییدابوون، ژنێك کە هەموومانی خستبووە بەر ئەندێشەو بیرکردنەوەیەکی جیاوازتر، ئەو بەردەوام پێیدەگوتم تۆ دەبێ لێرەوە دەسبەرداری سوژدەکان بیتو خۆت بخەیتە نێو دنیایەکی تری ئەودیوی زیندەگیی، هەڵبەت من لە فرەیزی ئەودیوی زیندەگیی ئەودا تێدەگەیشتم کە مەبەستی مردن نەبوو ئەودیوی زیندەگیی ئەو خەیاڵە جوانانە بوون کە لە سێنتەری نائاگاییەوە بۆی دەپەڕینەوە، ئەو زیندەگیی بە ئاگایی ناودەبردو ئەودیوی زیندەگیش نائاگایی، سەرجەم ساتە مەستو بێئاگاییەکانیشم هێما وئامارژەو بەقسەی ئەوەوە بوون، هەر لەمیشەوە لەمانا و واتاکانی بێئاگایی گەیشتمو گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پڕ چێژترین لەحزەکانی ژیان ئەو لەحزانەن کە لەودیوی زیندەگییەوەن، ئەوەی کە لە پشتەوەی ماناکانی ئەم وشانەی ژنە بوون چەند ئازارێکی مەینەتبەخشبوون، من ناتوانم هەرگیز ئەو قسانەی ئەوم بیربچێتەوە وەختێ بە دەمێکی پڕ لە قوڵپو گریانەوە دەیگوت" من ماوەیەکە بەدەستی مرۆڤەکانی نیشتیمانێکی ئەتککراوەوە ئەتکدەکرێم، هەموو جارێ لەناو لەحزەکانی ئەتککردنمدا لە جیاتی چێژ، بیرم بۆ لای ئازارەکانی نیشتیمانەوە دەچوو، ئاخر من هەمووی چەند جارێکە دەکەومە بەر شالاوی ئەتککردن وا لەتاو ئازارا دەتویێمەوە، دەبێ ئازاری ئەو جەستەیە چەند بێ کە سەدان ساڵە لەسەد لاوە پەلامار ئەدرێو بەردەوام ئەتك ئەکرێ ؟!!...

تەمموزی ٢٠٠٥

هەولێر

jamalpira@yahoo.com